# ئەنجومەنی دەستە

م.ی.شڤان سیامند حمد
بەرپرسی بەشی بەدەست هێنانی ناڕەوا
فەرمانگەی خۆپاراستن و شەفافیەت
دەستەی گشتی دەسپاکی لە هەرێمی کوردستان

دووشەممە
١/١٢/٢٠١٤

- پێکهاتەی ئەنجومەنی دەستە
- دەسەڵاتەکانی ئەنجومەنی دەستە
- بریاردان لە ئەنجومەنی دەستە

# پێکهاتەی ئەنجومەنی دەستە

ئەنجومەنی دەستە بە پێی ماددە (٩/یەکەم) لە یاسا ی دەستەی گشتی دەسپاکی لە هەرێمی کوردستان ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠١١ پێک دێت لە :

١- سەرۆکی دەستە - سەرۆک .

٢-جێگری سەرۆک – جێگری سەرۆکی دەستە و لە کاتی ئامادە نەبوونی دا جێی دەگرێتەوە .

٣- بەڕێوەبەرانی گشتی دەستە - ئەندام .

٤- ژمارەیەک لە شارەزا لە کارمەندانی دەستە یان لە دەرەوەی ، کە ژمارەیان لە سێ زیاتر نەبێت ، بەشداری کۆبوونەوە و گفتوگۆیەکانی ئەنجومەندا دەکەن، بەبێ ئەوەی مافی دەنگدانیان هەبێت.

# دەسەڵاتەکانی ئەنجومەنی دەستە

بەپێی مادده(٩/دووەم) ئەنجومەنی دەستە ئەم دەسەڵاتانەی خوارەوەی پێدراوە:

١- ئامادەکردنی بودجەی دەستەو دیاری کردنی میلاکەکەی و دانانی خشتەی مووچەی فەرمانبەر و کارمەندانی بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی دارایی.

٢- دەرکردنی پەیڕەوی تایبەت بە دەستە .

٣- دانانی پلانی کاری دەستە.

٤- بڕیاردانی راپۆرتی دەوری کە بۆ پەرلەمان یان لایەنانی تری فەرمی بەرز دەکرێتەوە.

٥- لێکۆڵینەوە لەو بابەتانەی سەرۆک ڕەوانەی ئەنجومەن دەکات و دەرکردنی بڕیاری پێویست لە بارەیانەوە.

# بڕیاردان له ئەنجومەنی دەستە

بەپێی ماددە(٩/سێیەم) ئەنجومەنی دەستە بڕیارەکانی بە زۆرینە دەدات و لە کاتی یەکسان بوونی دەنگدا ، لایەنی کە سەرۆکی دەستە دەنگی لەگەڵ داوە قبووڵ دەکرێت.